گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بنچینەکانی تیۆری زانین لە فەلسەفەی جۆن لۆکدا

**ب.د. حەمید عەزیز**
بەشی فەلسەفە، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
dr.hameed.aziz@gmail.com

**هێڤین هیوا ئەحمەد**
بەشی فەلسەفە، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
hyvien.ahmed@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/١٠/٢٣
پەسەندکردن: ٢٠٢١/١١/٢٨
بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان:**
Epistemology, Experience–Sense, Mind, Metaphysical, Innate theory

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.2.17

## پوختە

بابەتی تیۆری زانین و خودی زانین دوو بابەتی لەیەکتر جیاوازن,لەگەل ئەوەشدا هەردووکیان پەیوەندی راستەوخۆیان بەخودی مرۆڤەوە هەیە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوە مێژووییەکان بۆمان دەردەکەوێ مرۆڤ لەناو هەموو بونەوەرەکاندا سروشت و تایبەتمەندی جیاوازی هەبووە, چونکە هۆشیارە و خاوەنی ئەقڵ و تێگەیشتنە,بۆیە هەمیشە دەیەوێ دەربارەی خۆی و جیهانی دەوروبەری بزانێ و رووداوەکان و گرفتەکان لێکبداتەوە .

واتا مرۆڤ خواست و ئیرادەی هەیە کە هانیدەدات بۆ زانین و کەشفکردنی جیهان و گەردوون، بە پێچەوانەوە هیچ بوونەوەرێکی تر ئەم خواستەی نیە، بەلکو تەنها غەریزەیان هەیە.

لەم توێژینەوەیەدا کێشەکەمان لە شێوازی پرسیار پێشکەش دەکەین (بنچینەکانی بابەتی زانین و تیۆری زانین لە لای جۆن لۆک چین؟) بۆ ئەم مەبەستە میتۆدی شیکاری بەکارهاتووە هەروەها هەوڵدراوە بەپشت بەستن بەکۆمەڵێك سەرچاوەی باوەر پێکراو بۆ ئەوەی وەلامی کێشەی توێژینەوەکەمان بدەینەوە لە بارەی ئەم توێژینەوەیەدا چەمکە کلیلیەکان بریتین ١. تیۆری زانین
٢. ئەزموون – هەست

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٣. عەقڵ
٤. میتافیزیک
٥. بیرۆکەی زگماك
لەچوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا بەووردی بەپشت بەستن بەسەرچاوەکانی ئەم بوارە ئەوانە تاوتوێکراون.

## پێشەکی:

بابەتی زانین لە مێژووی فەلسەفەدا جێگای بایەخبووە, بێگومان لەم بابەتەشدا پشکی شێر بەر یۆنانییەکان دەکەوێ,کە یەکەم فەیلەسوفەکانیان بە لێکۆڵینەوە لە سروشت دەستیان پێکرد,بەڵام ئەوەی بابەتی ئێمەیە و گرنگە لە دوای شۆرشی هەمەلایەنەی کەلتوری و ئەدەبی وسیاسی و کۆمەلایەتی لە ئەوروپا بەناوی رێنسانس فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست کۆتایی هات و سەردەمی نوێ دەستی پێکرد, لەگەڵیدا فەلسەفەی مۆدێرن هاتە ئاراوە.

لەوێوە زانینیش فۆرمێکی دیکەی وەرگرت و هەتا بوو بە زانست و گۆڕا بۆ تیۆری زانین, بۆیە دەتوانین بڵێین تیۆری زانین (( خۆی لەخۆیدا بابەتێکە وەك لقێکی سەربەخۆ لە سەدەی حەڤدە فەیلەسوفی ئەزموونی ئینگلیز جۆن لۆك (1632-1704ز) لە شاکاری ((هەولێك دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ)) سالی 1667ز بلاوی کردۆتەوە و بەردی بناغەی ئەو لقەی داناوە. هەروەها بۆ یەکەمجار بەشێوەیەکی زانستی لەچوارچێوەی فەلسەفەدا فەیلەسوفی ئەڵمان ئیدوارد تسێلەر لە شاکاری (( دەربارەی بایەخ و ئەرکی تیۆری زانین)) ساڵی 1862ز لە زانکۆی بەناوبانگی هایدلبێرگ بلاوی کردۆتەوە داوای کردووە, دوای هەرەسهێنانی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمان ((دوای مردنی هیگڵ سالی 1831ز) ئەو هەلانەی پێشتر کراون دووبارە نەبنەوە و سەر لەنوێ فەلسەفە لە دەستپێکی نوێدا ئەرکی سەرشانی خۆی, کە کێشە و بابەتەکانی جا بە لۆجیك بێ یان بە تیۆری زانین دیار و دەستنیشان بکات. لەوێدا تێسلەر وشەی تیۆری زانینی بەکارهێناوە.)) (عەزیز, 20,ل 10)

دواتر ئەم بابەتە بووە بە کێشەی نێوان هەریەکە لە رێبازی ئەزموونی و رێبازی ئەقلانی, ئەوەی لەم کورتە توێژینەوەیەدا بابەتی ئێمەیە کێشەی نێوان ئەو دوو رێبازەیە کە سەبارەت بە تیۆری زانینە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بنچینەکانی تیۆری زانین لای جۆن لۆك

بەپێی سەرچاوەکانی مێژووی فەلسەفە یەکێك لەو فەیلەسوفانەی کاریگەری هەبووەو بەرهەمەکانی جێگای سەرنج بوونە جۆن لۆك بووە، کە لە قۆناغی فەلسەفەی نوێدا کاراو دەست بەکار بووە. جۆن لۆك وەك ڕابەرو یەکێك لە ڕیبازی ئەزموونی هەستەکی دیاری دەکرێت، ئەو ڕێبازە (بە ڕێبازی ئیمپیریش ناو دەبرێت، کە واتای تاقیکردنەوە بەرامبەر وشەی عەرەبی (تەجرەبە) دەبەخشێت. ئەو ڕێبازە کۆششی کردووە دڵ ئاو بخواتەوە کە زانین بە هیچ جۆرێك لە سنووری جیهانی هەستەکان نابەزێنێ و هاوردەو داتای هەستەکان و بۆچوونی هەستەکی سەرچاوەی پەیپێبردن و زانینی مرۆڤ و ناسینی جیهانی هەستەکین. لە چوارچێوەی ئەم ڕێبازەدا بوونی بیرۆکەی زگماك کاڵکراوەتەوەو هێرشی دلێرانە کراوەتە سەر مێتافیزیك). ( عەزیز، 2011، ل 14). ئاراستەی فەلسەفەی جۆن لۆك بە تەواوی پێچەوانەی ئاراستەی بیرکردنەوەی دیکارت بووە، چونکە دیکارت ڕابەری ڕەوتی ژیرەکی بووە و جۆن لۆك ڕابەرایەتی ڕەوتی هەستەکی-ئەزموونی دەکات، (سەرەتای ئیبستمۆلۆژی لۆک ڕەتکردنەوەی ئەو ڕێبازە ژیرەکیەیە کە بنەماکانی بۆ هەندێك ڕاستی ڕەها دەگێڕێتەوە، کە بناغەی زانین دابین دەکەن. لەبەرامبەر ئەم بنەمایەدا لۆک باس لەوە دەکات کە ئەزموون سەرچاوەو بنەمای زانینە. ئەو دژ بە ئەفلاتۆن و دیکارت و سکۆلاستیەکان قسەی کردووە، کە هیچ ئایدیا و بنەمایەکی زگماکی بوونی نییە. بەلای لۆکەوە بیرۆکەکان نەك فۆرم و ئایدیاکانی ئەفلاتون، سەرچاوەی پەیدابوونی زانینن. زانین لە ئەزموونەوە دروست دەبێت.).(Jaja, Badey, 2013, S. 2)

ئەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە ڕابەرانی ڕێبازی هەستەکی ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان هەبووە بەرەوپێشبردن و بە میتۆدکردنی تیۆری زانین، ((تیۆری زانین کە لە کۆڕ و کۆمەڵەو ئەکادیمیا فەلسەفییەکاندا وشەی یۆنانی ئیپستمۆلۆجی بۆ بەکاردەهێنرێ، شان بەشانی لۆجیك بە هەردوو باڵی سەرەکی و بگرە بە شا باڵی فەلسەفەی سەردەم دادەنرێت. ئەو لقە وەك فەلسەفە خۆی داهێنانێکی ئەوروپاییە و فەیلەسوفی ئینگلیز جۆن لۆك ( 1632-1704ز ) لە سەدەی حەڤدەدا دوا ڕوخسارو ناوەرۆکی پێ بەخشیووە و لە پڕۆسەوە کردوویەتی بە تیۆرییەکی سەربەخۆ. ئەگەرچی ئەو بابەتە دوای یەکەمین جەنگی جیهانی، بە کۆششی پۆزەتیڤیستەکان هەوڵدراوە گۆڕانی.

بەسەردا بێت و پتر لە لۆجیك و زانست نزیك بێتەوەو پشت بکاتە سایکۆلۆجی، بەڵام لە گەوهەر و پوختەدا کاریگەری و گەرم و گوڕییەکی خۆی لە دەست نەداوە و هیچ جۆرە کاڵبوونەوەیەك بەسەر پایەو ڕۆڵیدا نەهاتووەو پێوەی دیار نییە!. ڕاستە تیۆری زانین ناتوانێ دەستبەرداری هزرو بۆچوون و هۆش و هەست ببێ، ئەمانەش لەگەڵ سایکۆلۆجیدا قەدەغە و پاوانی هاوبەشی هەردوو لان. بەڵام لە نێوان هەردوو

پاواندا سنووری دیارو دەستنیشانکراو ڕەنگرێژکراوە، لە میتۆدەی توێژینەوە و کەرەستەدا هەر یەکەیان سەر بەخۆی خۆی و تایبەتمەندی هەیە کە لەویتر جیای دەکاتەوە! جیاوازییەك کە لە نێوان هەردووکیاندا هەیە و سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە سایکۆلۆجی سەردەمێك بەشێك بووە لە فەلسەفە و ئێستا وەك سۆسیۆلۆجی ماڵی

خۆی کردووە و سەربەخۆ بووە، بەڵام تیۆری زانین هەر لە چوارچێوەی بنەماڵەکەدا ماوە و بەپشکێکی فەلسەفە هەژمار دەکرێ. ئەو بارەی چۆتە ژێرییەوە هەر بە ئەرکی سەرشانی خۆی دادەنێ!))) عەزیز،B، 2016، 7).

## تەوەری یەکەم: بنەماکانی زانین و هەستەکان:

لە تیۆری زانیندا چەندین تیۆریی هەیە کە بە خوێندنەوەی زانینی مرۆڤ ناسراون و یەکێک لەو تیۆرییانەی باس لەوە دەکات کە ئەزموونی هەست تاکە سەرچاوەی زانینە هەروەها بە ئەزموونگەرایی ناسراوە، ئەم تیۆرییە یەکێکە لەو تیۆرانەی کە لە لێکۆڵینەوەی زانینی مرۆڤدا زاڵە بەسەر بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک مێژوو و زانست و فەلسەفەدا . تیۆرییەکە پێداگری لەسەر ئەزموون و بەڵگەی بەشداری هەستەوەری و هۆشیاری بە تایبەتی دەکاتەوە، لە پێشکەوتنی بیر و بۆچوونەکانی مرۆڤدا. هەروەها جگە لە هەستەکان هەموو بیرۆکەیەك کە پەیوەندی بە جیهانی مێتافیزك هەبێت ڕەتدەکاتەوە. جگە لەوەش فەلسەفەی زانست کە بە رادەیەک ناپەیوەست بە زانین، ئەزموونگەریی بە شێوەیەکی بەرفراوان قبوڵ دەکات و یەکانگیرە لەگەڵی ئەویش لەسەر ئەو بۆچوونەی کە هەموو گریمانەکان دەبێت لە جیهانی سروشتیدا تاقی بکرێتەوە، لە جیاتی ئەوەی تەنها لە ڕێگەی بیرکردنەوە و دەرککردن پشتیان پێببەسترێت. بۆیە تیۆرییەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سیماکانی زانینی زانستی بەتایبەتی وەک لە توێژینەوەکاندا دەرکەوتووە، ڕاستەوخۆ پەیوەست بن بە بەڵگەوە و لەبەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوە زانست وەک شێوەیەکی میتۆدۆلۆژیی ئەزموونکاری پێناسە دەکرێت. لەگەڵ ئەوەی ڕێبازی ئەزموونی و زانست پەیوەندیەکی.
توندوتۆڵیان هەیە، بەڵام ڕێبازی ئەزموونی-هەستی هەمیشە وەك ڕێباز و تیۆرییەکی فەلسەفی پێناسە دەکرێت کە زانین بە ئەزموونەوە دەبەستێتەوە، کە ئەزموون تێیدا بە پێکهاتەو سەرچاوەی هەستەکان دادەنرێ. (تیۆرییەکە ناکۆکە لەگەڵ تیۆرەکانی تردا کە پشتگیری ئەو بیرۆکەیە دەکەن کە زانین لەهەر فۆرمێک بێت لەدەرەوەی ئەزمووندا بوونی هەیە.) (Walter, 2008, P 82). تیۆرییەکانی وەک (عەقڵانیەت، بۆهاتن-حدس، دیدەکشن) ، کە پاڵپشتی ئەو بیرۆکەیە دەکەن کە بوونی زانینی زگماکیمان هەیە کە زانینێکی پێشوەختە، زانینی ڕاستەقینەیە، بە هەموو بنەماکانیانەوە ناکۆکن لەگەڵ بنەماکانی تیۆری ڕێبازی ئەزموونی-هەستی. ئارگیومێنتی سەرەتایی تیۆرییەکە ئەوەیە کە هیچ شتێک بەشێوەیەکی زگماکی لە زەین و هزری مرۆڤدا نییە، ئەوەی هەیە زانینێکە بەهۆی ئەزموون و هەستەکانەوە بە دەستهاتووە. لەلایەکی ترەوە، (ڕێبازی ئەزموونی بنەڕەتی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە لەگەڵ ئەوەی هەستەکان سەرچاوەی سەرەکی زانینن، لە هەمانکاتدا بیرۆکەکانیش شایەنی تاقیکردنەوەو ئەزموونکردنن). (Maxwell, 1998, P 59) واتا بیرۆکەکان نەك سەرچاوەی زانین نین، بەڵکو خۆیان بابەتی ئەزموون و تاقیکردنەوەن. دوو لە بەرچاوترین فەیلەسوفە ئەزموونگەران کە ئەوانیش جۆن لۆک و دەیڤد هیوم بوون هەردووکیان پێداگری دەکەن کە جگە لە ئەزموون و زانین هیچ ڕێگایەکی تر نیە بۆ زانین و بیرۆکەکانیش لە هزری ئێمە سەرەتا لە زانینەوە پەرەدەسێنن، بە واتایەکی تر هەموو بیرۆکەکان لە ئەزموون و هەستەکانەوە سەرچاوە دەگرن و کۆپی دەبن. زانین پێویستە هاوتا بێت لەگەڵ بنەمای هەستەکان و ئەو ئەزموونەی کە ئێمەی مرۆڤ توانای جێبەجێکردنمان هەیە، لە دەرەوەی ئەو پێوەرانە زانینەکەمان دروست نیەو ساختەیە. ئەگەر سەرنجی خەیاڵ و بیرکردنەوەی مرۆڤ بدەین، لەچوارچێوەی توانای هەستەکان و ئەو سنوورەی ئەزموونی مرۆڤ پێی گەیشتووە سنووردارە. مرۆڤ دەتوانێت سنووری خەیاڵ و بیرکردنەوەی لەو چوارچێوەیەدا دیاری بکات کە ڕەنگدانەوەی شتە لە ئارادابووەکان لەسەر هەست و بیرکردنەوەی مرۆڤ هەیەتی. بۆ نمونە کاتێك سەرنجی نوسین و ئەفسانەکانی کۆن دەدەین کە باس لە جەنگ دەکەن، تەنیا ئاماژە بۆ ئەو کەسانە دەکەن کە لەو کاتەدا هەبوون و ئەزموونکراون، لە هیچ یەکێك لە چیرۆکە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆنەکاندا دەربارەی جەنگ، ئاماژە بۆ ئەو کەرەستە جەنگیانە نەکراوە کە لەم سەردەمی ئێستادا لەبەر دەستی مرۆڤن. لەسەر ئەو بنەمایە ڕابەری ڕێبازی ئەزموونی-هەستەکی ((لۆك پێی وابوو کە کۆی هزری ئێمە، تەنیا لە ئەزموونە هەستیەکانەوە یان تاقی کردنەوە هەستیەکانەوە بەدەستدەهێنرێن، بەبڕوای ئەو ئەزموونە هەستیەکان دوو چالاکی لەخۆدەگرن:

چالاکی یەکەم: (هەست کردن)ە واتە هەستەکان هەڵدەستن بەگواستنەوەی کارتێکەر و پێدراوە هەستیەکان لە شتەکانی دەرەوە و تەنەکانی دەورمان، واتە – بەپێی دەربڕینی ئەو- (ئەزموونی دیار) کە ڕوودەدات لەسەر شتە دەرەکیەکان (هەستپێکراوەکان). وە چالاکی دووەم (بیرکردنەوە)یە کە هەڵدەستێ بە پێکهێنانی پێدراوە هەستیەکان و دروستکردنی وێنەیەکی زەینی دەربارەی ئەو شتانەی کە درکی پێدەکەین، واتە – بەپێی دەربڕینی ئەو- (ئەزموونی ناوەکی) کە لەسەر هەلومەرجەکانی دەروون ڕوودەدات. ئەزموونیش بەم واتا فراوانەی – کەئەم دوو چالاکیە دەگرێتەوە- تاکە سەرچاوەی مەعریفەیە.

لەسەر ئە بنەمایە، لۆك بڕوای وابوو (هیچ شتێك لە عەقڵدا بوونی نییە، مەگەر ئەوە نەبێت کە لە سەرەتاوە لە هەستەکاندا بوونی هەبووە)، بۆیە عەقڵ لە دایك دەبێت، و چواندووشیەتی بە پەڕەیەکی سپی کە ئامادەیە بۆ وەرگرتنی ئەو واتا و بنەمایانەی کە (ئەزموون) لەسەری دەینووسێ، کە هەستەوەرەکان وێنەی ڕەنگ و ڕەهەند و شێوازی هەستپێکراوەکان بۆ زەین دەگوێزنەوە، بە هزر وێنە زەینیەکان لە خەیاڵ و یادەوەری و ئەم جۆرە شتانەدا پێکدێت.)) (عبدولجبار، 2010، ل 28-29) .

بە وردبوونەوە لە بنەماکانی ڕێبازی ئەزموونی و ئەو دەق و تێکستانەی لەم بوارەدا خستمانە بەردەست ڕێگا بە خۆمان دەدەین بڵێین لە پرۆگرامی ڕێبازی ئەزموونیدا)) بەهیچ جۆرێك جێگەی بڕیارە لێکدراوە پێشییانەکان نابێتەوە. خۆ ئەگەر زانینی جیهان لەتوانادایە، لەوەوە نییە کە ژیری مرۆڤ فۆرمی ماددەکە دادەڕیژێ، بەڵکو لەوەوەیە کە ماددە و کەرەستە بەشێوازێکی جیاواز ڕێکوپێکخراوە. دەربارەی جۆرو پلەی ئەم ڕێکوپێکییە ناتوانرێ پێشییانە شتێك بزانرێ. دەکرا جیهان چاکترو باشتر لەوەی هەیە ڕێکبخرێ، هەروەها دەشکرا کەمتر ڕێکوپێك بێت بەبێ ئەوەی شیاوەکی زانینەکە لەناو بچێ. تەنیا تۆژینەوەی قووڵ و بەپێزی هەنگاو بەهەنگاو بەرەو پێشچووی زانستی ئەزموون دەتوانێ لەو بارەیەوە فێرمان بکات جیهان تا چ ڕادە و پلەیەك قانوون سالاریی هەیە Gesetzm ä ssig تەنیا

پەیڕەوی ئیندەکش (ئیستقراء)، کەوتنەوەی ئەمڕۆ لە دوێنێ، ئێرە لەوێ وەك ئەنجام، دروست و دەستبەکار دەبێ)) (GuLtig .عەزیز،A 2013، ل 41). بۆیە بە گەڕانەوە بۆ مێژووی فەلسەفە لە دەستپێکیەوە لە یۆنان لە ڕابەرانی فەلسەفەی سروشتیەوە تا دێموکریتس و ئەپیکۆر کە ئەزموونی هەستەکی بوون، بەردەوام لە ململانێدا بوون لەگەڵ ئەو فەیلەسوفانەی کە سەر بە ڕەوتی مێتافیزیکی ئایدیالی بوون. دواتر ئەم ململانێیە پەرەدەستێنێت و درێژ دەبێتەوە تا سەدەکانی ناوەڕاست و تەنانەت لە فەلسەفەی نوێشدا کە بە نوێ بوونەوەو گۆڕانکاری لە فۆڕمی فەلسەفەی پێش خۆی دادەنرێت، ئەو ململانێیە بەردەوامی هەیە، کە پتر بە ناکۆکی نێوان ڕێبازی ژیرەکی و ئەزموونی-هەستەکی ناسراوە.

## تەوەری دووەم: ڕێبازی ئەزموونی- هەستەکی شۆڕشێك لە زانیندا لەبەرامبەر کولتووری ئایینی سەدەکانی ناوەڕاستدا:

کولتووری فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست کە بۆ ماوەی پتر لە هەزار ساڵ فەرمانڕەوایی کردووەو هەموو کون و کەلەبەرێك ژیانی مرۆڤی ئەوسای ئەورووپی داگیر کرد بوو، هەموو جۆرە زانینێك جگە لە زانینی وەحی (سروش) ڕەتدەکردەوە، بگرە لایەنگران و بانگەشەکارانی زانینی ژیرەکی یان هەستەکی بە لادان و دژە ئایین تۆمەتبار دەکردو لە دادگای کڵێسەدا سزا دەدران، لەم بارەیەوە نمونەکانی وەکو گالیلۆو کۆپەرنیکۆس نمونەی بەر چاون. لەم سەردەمەدا تەنیا خەمی سەرەکی بریتی بووە لە پشت ڕاستکردنەوەو پاساودانی بنەماو دۆگمەکانی ئایینی مەسیحی، بۆیە ((لە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەراستدا ئاوەز کراوە بە ئامرازێکی یاریدەدەر، ئەو بابەتانە ڕوون بکاتەوە کە بەهۆی سروشەوە هاتوون و لایەنە نا ڕوونەکانیان شرۆڤە بکات. ئەو ئەرکەی بە ژێر سپێردراوە ئەو ئەنجامەی پشت راستکردۆتەوە کە باوەڕ (ئیمان) بە پلە و پایە لە پێش زانینەوە دێت، چونکە باوەڕ سەرەتا و دەستپێکی ڕەب ناسینە. باوەڕ و ئیمان لە سروشەوە سەرچاوە دەگرن و زانینیش لە ژیرەوە دەکەوێتەوە. کەواتە ژیر بە پلەی دووەم لە دوای سروشەوەیە و ئەرکەکەی لاوەکیە نەك بە راستی و ڕاستەقینە گەیشتن. بۆ نمونە یۆهان سکوت دەربارەی ئەرکی ژیر لەو باوەڕەدا بووە کە : ئەرکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرەکی ژیر لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی ماناو واتا و مەبەستە شاراوەکانی دەستەواژە و ڕستەکانی نوسراوی پیرۆزن (ئینجیل و تەورات) ، بۆ ئەوەی ڕووی

گوفتار لە ئیمانداری سادە و ساکار بکەن و بخرێنە بەر دەست ئەوانەش کە دەیانەوێ لەبارەی نهێنیەکانی ئایینەوە قووڵ ببنەوە و توێژینەوە بکەن. خۆ ئەگەر ئەو واتا و مەبەست ئاشکرا کردنە و لێکدانەوەیەی ماناکانی کتێبی پیرۆز جۆرە ئەنجامێکی ئەوتۆیان لێبکەوێتەوە ژیر پەسەندی نەکات و نەیبرِێ، ئەوا دەبێ ژیر ئەو واتایانە هەڵبژێرێ و وا لێکیان بداتەوە و شرۆڤەیان بکات لەگەڵ ژیر بێنەوە)) (عەزیز،B، 2013، ل 16 تیۆری زانین) .ئەم ڕەوشە بارێکی گران بووە بەسەر شانی ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمەوە، بە تایبەتی ئەوانەی کە ناکۆك بوون لەگەڵ بیرکردنەوەو ڕەفتارو کردارەکانی قەشەکان و کڵێسەدا، ئەمە درێژەی کێشا تاوەکو سەرەتاکانی قۆناغێکی نوێ لە ژیانی مرۆڤایەتی دەستی پێکرد ئەویش سەردەمی نوێ و سەردەمی شۆڕشی کولتووری ڕێنیسانسی ئەوروپی بوو.

ئەم قۆناغە لە هەموو ڕوویەکەوە جۆرێك بوو لە گەشەکردن و نوێبوونەوە، بۆ نمونە چەند زانایەك پەیدابوون و کۆششیان کرد بۆ گەڕانەوە بۆ میتۆدی ڕووکردنە سروشت و لێکۆڵینەوە لەم بوارەداو توانیان گەشە بە بواری زانستی بدەن، (بایەخدان بە

توێژینەوەی سروشت جگە لە لایەنە ئیپستمۆلۆژییە، زانستییە سود بەخشەکەی بڕوا بوونی مرۆڤی بە هێز و توانای خۆی، بەبێ پەنا بردنەبەر هێزێکی سەرو سروشتی ترانسندێنتاڵی، بە پاشەڕۆژ و مەڵبەندی مرۆڤ لە سروشتدا پتەو و بەهێز کردووە. ئەو بۆچوونەشی جێگیر کردووە، کە هیچ پێویست ناکات بایەخ بە بابەتی مێتافیزیکی سەروسروشتی بدرێت، بەڵکو دەبێ ڕوو لەسەر زەوی و دیاردە سروشتییەکان بکرێت و بۆ ئەم مەبەستەش پەنا ببرێتەبەر تاقیکردنەوە و ئەزموون و شێوازە جیاوازەکانیان و بکرێن بە ئامراز و بەکاربهێنرێن و سودیان لێ وەربگیرێت.) ( عەزیز، 2011، ل 51).

یەکێك لەو زانایانەی کە لەم بوارەدا چالاك و دەست بەکار بووە. هەر چەندە فەلسەفە زانست بەشێوەیەکی ستوونی گەشە دەکات و هەر داهێنانێکی نوێی زانستی بە واتای بازدان و تێپەڕاندنی داهێنانە باوەکان دێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زانایان و مێژوونووسان هەوڵ و کۆششەکانی گالیلۆ لە بیر ناکەن و جێگای نرخاندن و بەرز ڕاگرتنن. ((ئەو کۆششەی گالیلۆ لەو سەردەمەی خۆیدا دەتوانرێ لە

پێنج لاوە هەڵبسەنگێنرێ، ئەو هەڵسەنگاندنە ڕەوش و هەلومەرجی خۆی لەو قۆناغەدا بە هەند دادەنرێ و بایەخی پێدەدرێ :

یەك: لە نێو پرۆسەی زانینی زانستیدا بنەما سەرەکییەکانی ئەو وێنە جیهانیە مێتافیزیکیەی سەدەکانی ناوەڕاست دەستبەکاربووە، ئەگەر و گومانی لەبەردەمدا قوتکراوەتەوە. ئەمەش جیهاندیدی فەلسەفەی ئەرستۆشی گرتۆتەوە .

دوو: هیچی تر لەبەرامبەر فەلسەفەدا لاهوت کارانەبووە، ئەوەی لێرەدا ئەو جێگایەی گرتۆتەوەو ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە و لەبەرامبەر فەلسەفەدا، یان شانبەشانی فەلسەفە چالاك بووە، زانستی سروشتی بووە. ئەمە تاڕاددەیەك بۆ گالیلۆ تۆمار کراوە .

سێ: پێداگرتن لەسەر دوو جۆر دەستەواژە و بنەمای پێشیینانە و پاشیینانە. ئەگەرچی ئەم دوو چەمکە دەچنە خانەی لۆجیکەوە، بەڵام جۆرە دەرگا والاکردنێکە بۆ چوونە نێو جیهانی فراوانی زانستی ڕوخسارەکی- بیرکاری.! چوار: پشتبەستن بە بەڵگەنەویست Axiom e لە توێژینەوەی تیۆرییانەدا، ئینجا پەنابردن بۆ بیرکاری و سود لێوەرگرتن و بەکارهێنانی وەك میتۆدەیەکی توێژینەوەی زانستی، کە لە کۆڕو کۆمەڵە ئەکادیمیەکاندا بە پرۆسەی بیرکاریکردن ناسراوە.M athem atisierung

پێنج: لەگەڵ بایەخ و گرنگی و بەهاو ڕۆڵی بەڵگەنەویست و بیرکاری ناکرێ لە هەندێك ڕوداو و بارودۆخ و ڕەوشدا ساغکردنەوەو پشتڕاستکردنەوەو سەلماندن بەڕێگای تاقیکردنەوەو ئەزموون ( ئیمپیری ) پشتگوێ بخرێ.! بەبیرکاریکردنی زانستی سروشتی ( فیزیك) ئەگەر لەسەردەمی خۆیدا دەنگ و ڕەنگێکی ئەوتۆی نەبوویێت، ئەوە پاشتر هۆکارو فاکتەرێك بووە ئەوەی لێکەوتۆتەوە، کە بە شۆڕشی سەرتاپاگیری زانست و تەکنەلۆجی ناوبراوە و ناسراوە.)). (عەزیز،C، 2017، ل 81).

کۆشش و هەوڵی لەم جۆرە بوون بە بنەماو هەوێن بۆ بونیادنانی بنەماکانی شۆڕشی ڕێنیسانسی ئەوروپی، کە پتر شۆرشێك بوو، بە واتای گەڕانەوە بۆ بەها مرۆییەکان و ڕێزگرتن لە تاك، بۆیە گروپی جۆراو جۆری هیومانی کە لەسەر ئاستی جیاجیای کولتووری، زانستی، فەلسەفی... هتد کاریان دەکرد پەیدابوون و برەویان پەیداکرد. (دیاریترین شتێك کە ئەم هیومانیستانە بانگەشەیان بۆ دەکرد کارکردن بوو بۆ گەشەسەندنی "تاکگەرایی" – واتا ئەو ڕایەی کە دەڵێت پێویستە لەسەر مرۆڤ کە خۆی بیر لە خۆی بکاتەوە، بەبێ کۆتی خۆ بەستنەوە بە هەر دەستەڵاتێکی دەرەکییەوە (سەرچاوەکەی خودایی

یان ئاسمانی) بێت، واتە مرۆڤی تاك ئەوەندەی بەسە کە پشت بە "عەقڵی خۆی" بۆ حوکمدان بەسەر شتەکاندا ببەستێ، ئەم هەلومەرجە ئەوەی لێ وەشایەوە کە باوەڕ بوون بە " عەقڵ " دەتوانێ هەموو مەتەڵەکانی ژیان هەڵبێنێ و بگاتە دوورترین نهێنیەکانی.) (عبدالجبار، 2010، ل 219). زۆربەی ئەو کەسانەی لەچوارچێوەی ئەم گروپە جیاوازانەدا کاراو دەستبەکاربوون، مەیلیان بەلای فەلسەفەی ئەزموونی-هەستەکیدا هەبووەو پتر کەسانێك بوون ویستی برەودانیان بە بواری ئەزموونی و زانستی هەبووە، بۆیە بەردەوام کاریان کردووە کە بە هەموو واتایەك کولتووری ئایینی سەدەکانی ناوەڕاست تێبپەڕێنن و واتای نوێ بە بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی ببەخشن. یەکێك لەو لایەنانەی کاری لەسەرکراوە بریتی بووە لە زمان، کە لەچوارچێوەی بەرهەمەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە. (زمانی نوێ بووە ئامرازێك و ئەو بەرهەمە فیکریانەی پێ دەنوسرا، کە لەبەر دەستی جەماوەردا بوون. بەمەش زیاتر ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵانی خەڵك بەرز دەبووەوە. کارکردنی ئەم هۆیە بە زۆری لەوەدا دەردەکەوێ، کە زۆربەی بەرهەمەکانی ڕۆژگاری ڕێنیسانس و ئەدەبیاتی ئەو قۆناغە، پەردەیان لەسەر خەوش و ناتەواوییەکانی سیستەمی دەرەبەگایەتی هەڵدەماڵی و پێشوازیان لە کەلەپووری کۆن دەکرد و بەشێوازێکی خۆش و ڕەوان سەرنجی خوێنەری ئاساییان ڕادەکێشا.) (مەزهەر، 2004، ل 57). لێرەدا گوزارەی "پێشوازی لە بەرهەمی کۆن" بە واتای گەڕانەوە بووە بۆ کولتووری یۆنانی کە پشت ئەستوورە بە هەستەکان و لێکۆڵینەوە لە بواری سروشتی، لەم بوارەدا فەیلەسوفە سروشتیەکان جێگای بایەخن، هەروەها کەسایەتی دێموکریتس و ئەپیکۆر سەرەنجیان بۆ ڕاکێشاوە، بە تایبەتی کە ئەم دوو فەیلەسوفە کۆنە یۆنانیە لە فەلسەفەکەیاندا باسی بابەتی گەردیلەو ئەتۆمیان کردووە، کە ئەمە جێگای بایەخی زانایانی سەردەمی ڕێنسانس بووە، دواتر بابەتی ئەتۆم و گەردیلە تا ئەمرۆشی لەگەڵدا بێت دەبن بە بابەتی زانست و لێکۆڵینەوە، بێگومان ئەمەش لە سایەی ڕێبازی ئەزموونی هەستەکی، کە لەم بوارەدا فەیلەسوفەکانی سەر بەم ڕێبازە کۆششی زۆریان کرد و بوون بە دەروازە بۆ زانایان و سەرکەوتنی کارەکانیان لە تاقیگەکاندا. لە پەیوەندیدا بەم ڕێبازەوەو بەو کۆششە ڕێخۆشکەرەی کردوویانە بۆ بواری زانستی پێویستە ئاماژە بە فرانسیس بیکۆن بکەین، کە شان بەشانی دیکارت بە داهێنەری فەلسەفەی نوێ دادەنرێت، بەڵام دواتر لە ڕەهەندی ئەزموونیدا لۆك و دێڤید هیوم کۆششەکەیان بە ئەنجام دەگەیەنن. فرانسیس بیکۆن لە دەستپێکی کۆششەکەیداو لە کتێبی

ئۆرگانۆنی نوێدا، ئاماژەی بەوە کردووە، بۆ ئەوەی بتوانین داهێنانی زانستی لە ڕێگەی ئەزموونەوە ئەنجامی هەبێت، سەرەتا پێویستە دەستبکەین بە جێبەجێکردنی ((مشتومالکردنی هزر و پڕۆسەی بیرکردنەوە،

پاك کردنەوەی لە گشت بڕیارێکی پێشیانە و ئەو هەڵانەی بۆ مرۆڤ ماونەتەوە. ئەو هەنگاوە لە تێپەڕاندن و وەلانانی چوار هەڵە-بتەکان پێکدێت:

١. بت و هەڵەی خێڵ: ئەمە هەڵەیەکی ناوکۆیی و هاوبەشە لە نێوان هەموو مرۆڤاندا هەیە. بەوەدا دەردەکەوێ کە مەیلی ئەوەمان هەیە شت بە گشتی بەدی بکەین و ئینجا بوونی نەزم و ڕێکوپێکی لە خۆمانەوە لە سروشتدا گریمانە دەکەین.

٢. بت و هەڵەی ئەشکەوت: ئەو جۆرە هەڵەیە تایبەتە بە تاکەکەسان و مرۆڤی تاك دەگرێتەوە. هەر کەسە جیهانێکی تایبەتی خۆی هەیە وەك ئەشکەوت وایە تێیدا دەژی و لە سۆنگەی تایبەتی خۆیەوە سەرنج دەدا و بڕیار دەردەکات.

٣. هەڵە و بتی بازاڕ: پێوەندی بە وشەکانی زمانی ژیانی ڕۆژانەوە هەیە کە مرۆڤ ڕۆژانە هەرەمەکی و بەبێ سەروپا بەکاریان دەهێنێ.

٤. بت و هەڵەی شانۆ: مەبەست لەو کارەیە پێشینان لە نەوەی نوێ دەکەن.ئەوکارە لەوە دەچێ چۆن ئەکتەر لەسەر شانۆ بەهۆی چالاکییەکان لە چوارچێوەی شانۆگەرییەکەدا لە بینەرەکانی دەکات . ژیانی مرۆڤ خۆیشی لەو نواندن و کارتێکردن و شانۆکەرییە بەو لاوە شتێکی دیکە نییە!)) (عەزیز، 2010، 92).

ئەم کۆششەی بیکۆن بە دەستپێکێکی گرنگ و بوێرانە دێتە هەژمار بە مەبەستی تێپەڕاندنی کولتووری سەدەکانی ناوەڕاست و کردنەوەی دەروازەیەکی نوێ لەسەر توێژینەوەی زانستی. بۆ ئەم سەردەمە کە هێشتا بە تەواوی کڵێسە لاواز نەبوو و ئەمە وەك شۆڕشێك وابوو کە ئاگری لە پاوان و مەیدانی کۆششی کڵێسەو پیاوانی ئایینی بەرداو و بە واتای بێ بایەخکردن و ڕەتکردنەوەی ئەو کولتوورە چەق بەستووە بووە .

کۆششی ڕابەرانی ڕێبازی ئەزموونی لە تێپەڕاندنی کولتووری سەدەکانی ناوەڕاست و بەرپاکردنی شۆڕشێك لەبواری زانیندا، پتر لە ڕێبازی ژیرەکی بایەخی پێدەدرێت، چونکە ئەگەر لە بۆچوون و

ئەرگومێنتەکانی ڕابەرانی ڕێبازی ژیرەکی بە تایبەتی دیکارت و لایبنیتس وەردببینەوە، بۆمان ڕووندەبێتەوە کە هێشتا بە تەواوی لە ژێر کاریگەری کولتووری ئایینی و کڵێسەی مەسیحی دەربازیان نەبووەو بەشێك لە بۆچوونەکانیان دەربارەی ڕەب دەچێتەوە خزمەت کڵێسەو ئایینی مەسیحی، بەڵام بە پێچەوانەوە داهێنان و کارەکانی ئەزموونیەکان پتر لە خزمەت گەشەی زانستی و ڕێچکەشکێن بووە.

## تەوەری سێیەم: جۆرەکانی زانین

لە ڕوانگەی جۆن لۆکەوە زانینی جۆری جیاوازی هەیە، لە خۆیدا باسکردن جۆری جیاوازی زانین واتای ئەوە دەگەیەنێت کە زانین یەکەیەکی پێشیبانەی ئایدیاڵ نییە و بەڵکو هەمەجۆرە، تەنانەت سەرچاوەکەشی فرەیەو شایەنی گۆڕانە، بۆیە ئەو زانینەی ئێمە هەمانە بەردەوام لەبەردەم گۆڕان و نوێبوونەوەو گەشەکردندایە .

((بەلای لۆکەوە زانین ئەگەرچی پلەی جیاوازی هەیە، بەڵام بەگشتی دەکرێ بە سێ جۆری لە یەکتری جیاواز و لە هەمان کاتدا یەکتری تەواوکار :

یەك: زانینی بۆ هاتن: intuitive . ئەو زانینە لە چاو جۆرەکانی تری زانین پتر جێگای دڵنیاییە، خۆی لە خۆیدا بەڵگە نەویستە و پەکی لەسەر ساغکردنەوە نەکەوتووە.

مێشك ڕاستەوخۆ بۆخۆی بە ڕێگای پێکەوە گونجان یان پێکەوە نەگونجانی دوو بیرۆکە بەبێ یارمەتی بیرۆکەیەکی دیکە ئەو زانینەی دەستگیر دەبێ. بۆ نمونە مێشك پێویستی بەوە نییە ساغی بکاتەوە بۆ ئەوەی بزانێ، سپی هەر سپییە ! .

دوو: زانین بەهۆی ساغکردنەوە و سەلمێنە: Dem onstration ئەو جۆرە زانینە ئەو کاتە پەیدا دەبێ و سەر ئاو دەکەوێ کاتێك ژیر، مێشك، پەی بەوە دەبات بەبێ کۆمەك و یارمەتی و ناو بژی بیرۆکەی دیکە ناتوانێ پێکەوە گونجان و پێکەوە نەگونجانی دوو بیرۆکە بزانێ. کاتێك مێشك ناتوانێ دوو بابەت پێکەوە بەراورد بکات پەنا دەباتە بەر بابەتێکی دیکە، ئەو پەنا بردنە بەر بابەتی تر دەکرێ بە سەلمێنە و ساغکردنەوە دابنرێت.

سێ: زانینی هەستەکی : Sensitive نزمترین پلەی زانینە لە چاو دووەکەی تردا. ئەو جۆرە پەیوەندی بە پەیبردن بە جیهانی دەوروبەرەوە هەیە، بەڵام لە دڵنیایی لێکردندا، بەپێی سروشتەکەی، ناگاتە ئاست و پلەی ئەوانیتر.)) (عەزیز،B، 2016، ل 47) .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زانینی بۆ هاتن لە فەلسەفەدا ئاماژەیە بۆ جۆرێک لە زانین کە لۆژیک و کارامەیی بەکار ناهێنێت. گوزارشت لە فۆرمێک لە زانین دەکات کە پێویست ناکات بە وشە لێکبدرێتەوە، بە زۆری بە شێوەیەکی کتوپڕ دێت و لە بۆچوونە بنەڕەتەکانیدا دابەش دەبێت: میکانیزمی زانینی بۆ هاتن لە پرۆسەکانی کاریگەری هۆکارییەوە سەرچاوە دەگرێت.

زۆر ناو هەن بۆ زانینی بۆ هاتن وەکو دڵ خەبەردان، یان لەناو هەستێك دەربارەی شتێك بە دڵماندا دێت.. ئەم توانایە کە ئێمە لەدایک بووین هەمووومان وەک غەریزەکانی ترمان هەمانە و ناتوانین هیچ شتێکی لێبکەین، بەشێکە لەئاگایی ئێمەو هەموو ئەوەی کە دەتوانین لەسەری بیکەین بەهێزکردن یان لاوازکردنیەتی.

زانینی بۆ هاتن لە ناوماندا سروشتێکە کە بە میکانیزمێک هەموو کات و بەبێ هۆشیاری یان کۆنترۆڵ لە ئێمە کار دەکات، کە تێیدا زانیاری و وەڵامی ئامادەکراوی هەیە سەبارەت بە خۆمان و ئەوانی تر و جیهانی دەوروبەر. بەواتایەکی تر زانینی بۆ هاتن وەکو جۆرێك لە ڕەگەزی عەقلی ناوەکی وایە، کە ئەم ڕەگەزە خزمەتێکی زۆر بە هزری داهێنەران دەکات، چونکە زۆربەی جار داهێنانەکان بەشێوەی بۆ هاتن بە هزری زانایاندا دێن و دواتر گەشە دەکات و پرۆژەو بەرهەمی نوێی لێوە گەڵاڵە دەکەن.

زانینی سەلمێنەو ساغکردنەوە پلەیەکی ترە لە زانین، کە لە ڕووی پشت پێبەستن لە ئاستی زانینی بۆ هاتندا نییە. ئەم جۆرە زانینە کاتێك دروست دەبێت، کە ئێمە دەمانەوێ لە بابەتێك تێبگەین، دوای ئەوەی هەوڵی تاوتوێکردنی بابەتەکە دەدەین، ناتوانین کۆنترۆڵی بکەین و بە تەواوی لە بنەماو پێکهاتەکانی تێبگەین، بۆیە ناچارین پەنا بەرینە بەر ئامرازەکانی تری تاوێکردن و لێکدانەوە بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی بابەتەکەو گەیشتن بە ئەنجامێك لە بارەیەوە. ئەم جۆرە زانینە لەبەرئەوەی بە بەڵگەو سەلمێنە پشت ڕاستکراوەتەوە، زانینێکی وردو دانپێدانراوە .

زانینی هەستەکی سادەترین جۆری زانینە، ئەم زانینە تەنیا بریتییە لەچاودێریکردنی دیاردەکان، چاودێریەکی سادەی بێ مەبەست، وەکو ئەوەی چاو دەیبینێت، گوێ دەیبیستێت و دەست بەر شتێك دەکەوێ و زمان تامی شتێك دەکات و هەروەها بۆنی شتێك دەکەین، یان جۆرێك لە هەستکردنی دووبارەی وەک بە دوای یەکدا هاتنی شەو و ڕۆژ. هاتنی ئێوارەو بەیانی، یان دیاردەی خۆرئاوابوون. تێبینییەکان بە تێکڕایی بەشێوەیەکن کە بێ پرسیارو بە دواداچوون بەهۆی هەستەکانەوە دروست

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بوونە. ئەم جۆرە زانینە پێی دەگوترێت زانینی هەستەکی، هەندێک جاریش پێی دەگوترێت زانینی ئەزموونی، چونکە لەسەر ئەزموون و کارامەیی مرۆڤ و ئەزموونەکانی لە بەڕێوەبردنی ژیانی دا دروست بووە. بۆ نمونە ئەگەر ئاسمان هەور بێت، مرۆڤ بیری بۆ ئەوە ئەچێت کە باران دەبارێت. هەموو مرۆڤێك خاوەنی زانینی هەستەکیە، تەنانەت ئەو کەسانەی کە لە کۆمەڵگادا بە نافام (بێ ئەقڵ) ناو دەبرێن، یان کەسانێك کە جۆرێکی تایبەتی نەخۆشیان هەیە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە زانینی هەستەکی هاوبەشە لەنێوان هەموو مرۆڤەکاندا بەبێ جیاوازی. ڕەنگە کەسانێك هەبن لە پێنج هەستەکان یەکێك یان دوانیان نەبێت، وەکو نابینایی یان نابیستی، بەڵام بەشێکی تری هەیە، بۆیە بە جۆرێك لە جۆرەکان توانای هەستکردن و کۆکردنەوەی زانینی هەستەکی و ئەزموونکردنی هەیە. زانینی هەستەکی بە سادە دادەنرێت، چونکە دەکرێت بگۆڕێت، یان زانینێکە لەسەر بنەمایەکی پتەوی سەلماندن نەوەستاوە، بۆ نمونە ئێمە لە دوورەوە درەختێك دەبینین بچوکە، بەڵام کاتێك لێی نزیك ئەبینەوە گەورەیە، یان کاتێك کە نەخۆشین هەستی تامکردنمان جۆرێکەو کە لەش ساغین جۆرێکی ترە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا بە بڕوای ڕابەرانی ڕێبازی هەستەکی- ئەزموونی تاکە سەرچاوەی ڕاست کە یەکانگیرە لەگەڵ ژیان و بوونی مرۆڤایەتی بریتییە لە زانینی هەستەکی و ئەزموونی .

## تەوەری چوارەم: ڕەتکردنەوەی بیرۆکە زگماکیەکان

### (کێشەی نێوان لایبنتس و جۆن لۆك)

یەکێك لەو بنەما جەوهەریانەی کە لەنێوان ڕێبازی ئەزموونی ڕێبازی ژیرەکیدا بابەتی گفتوگۆ بووە، بریتیە لە بابەتی (بیرۆکە زگماکیەکان)، کە لە ڕوانگەی ڕێبازی ژیرەکی بیرۆکە زگماکیەکان بەشێوەیەکی پێشییانە لەلایەن ڕەببەوە لە هزرو بیرکردنەوەی ئێمەدا جێگیرکراون، واتا هەر مرۆڤێك بەر لەوەی لە دایك ببێت، دەربارەی ڕەب و خەسلەتەکانی، دەربارەی کۆمەڵێك چەمك و بەهای تری بنەمایی بیرۆکەی پێشییانەی لەلایەن ڕەبەوە پێ بەخشراون. بە واتایەکی جیاوازتر، (ڕابەرو لایەنگرانی ڕێبازی ژیرەکی لە جیهاندیدەکەیاندا پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت گوایە لەو ڕۆژەوە مرۆڤ لە دایك دەبێ و دێتە دنیاوە لە مێشك و فامیدا چەندین بیرۆکەی زگماك هەیە، ئەو بیرۆکانە بنەڕەتین و هیچ پەیوەندیەکیان بە ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی ژیانی ڕۆژانەوە نییە، پەکیان لەسەر هەستەکان و زانینی هەستەکی نەکەوتووە، ئەو بیرۆکانە بەگشتی بریتین لە بیرۆکەی ڕەب، لەش، مێشك، گیان، دەروون و چەندان

بنەماو بنەڕەت کە مرۆڤ بەبێ گومان و ئەگەر وەك چەند ڕاستی و ڕاستەقینەیەك پەسەندیان دەکات. لەلایەکی دیکەوە ئامادەیی و توانای فێربوون و شتزانین لە خۆیاندا چەند بابەتێکی زگماکین.) (عەزیز، 2011، ل 194). بەپێی ئەم تێکستە، لە پەیوەندیدا بە بابەتەکەمانەوە کە تیۆری زانینە، بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە بەپێی بۆچوونی ڕابەرانی ڕێبازی ژیرەکی زانینێك سەرچاوەکەی بیرۆکە زگماکیەکان بێت، زانینێکی ڕاستەقینەو نەگۆڕو هەمیشەییە، بۆیە کاتێك دیکارت باس لە سەلماندنی بوونی ڕەب دەکات، سەرچاوەکەی بۆ بیرۆکە زگماکیەکان دەگێڕێتەوەو لێرەوەشەوە دەڵێت، مادام سەرچاوەی بوونی ڕەب لەهزری مندا بیرۆکەیەکی زگماکە، کەواتە بوونی ڕەب شتێکی بەڵگەنەویست و حاشا هەڵنەگرە .

ڕابەرانی ڕێبازی هەستەکی-ئەزموونی بێ قەیدو مەرج ئەم بۆچوونانەی ڕابەرانی ڕێبازی ژیرەکی ڕەتدەکەنەوە، لە ڕوانگەی ئەوانەوە، (ئێمە سەبارەت بە جیهان، خاوەنی هیچ جۆرە بیرێك یان وێنایەکی زگماك نین، واتا هەتاوەکو ئەو جیهانە نەبینین کە دێینە ناوی بە هیچ جۆرێك هیچ شتێك دەربارەی نازانین، ئەگەر جۆرە بیرکردنەوەیەك یان مەزەندەیەکیشمان دەربارەی شتێك هەبێت، کە ئەزموونمان نەکرد بێت، ئەوا لەو بارەدا وێنەکردنەکەمان هەڵەیە. بۆ نمونە کاتێك وشەی وەك "خودا" یان " نەمری" یان ماددەی ڕەسەن" بەکاردەهێنین، ئەقڵمان لە بەتاڵیدا دەخولێتەوە. لەبەرئەوەی هیچ کەسێك ئەزموونی خودا یان نەمری نەکردووە. کەسیش ئەو ماددە ڕەسەنەی هەروەك فەیلەسوفەکان ناویان لێنابوو تاقی نەکرۆدتەوە.) (گاردەر، 2002، ل 437).، ئەمە بووە بە بڕوایەکی جێگیر بۆ ڕابەرو شوێنکەوتوانی ئەم ڕێبازەو توانیویانە لە ناوەندە زانستیەکاندا ڕەنگی پێبدەنەوە. ئەم بۆچوونە زۆر جێگای بڕوایە، چونکە پتر لە واقیعەوە نزیکە، بۆیە کاتێك مرۆڤ هەڵسەنگاندن بۆ زانینی خۆی و جیهانی دەوروبەری دەکات، ڕوون و ئاشکرایە کە، ((هیچ گومان لەوە ناکرێ کە زانین لە وێنە و لەبەر گیراوەی (کۆپی) ئەکتیڤ و چالاکی بابەتەکانی دەوروبەر لەبیرو ناخدا بەو لاوە نییە. پێکەوە هاتنەوە و تەبایی و گونجانی زانین ( ئەو وێنە لەبەر گیراوانەو) لە بابەتی دەوروبەر بەو لاوە

پێوەرێکی دیکەی ڕاستی و ناراستی لە ئارادا نییە. ئەگەر زانینەکە بە بیروبۆچوونەوە لەگەڵ کەرەستە و بابەتی دەوروبەرەوە کە لێوەیان پەیدا بووە وەك یەك و تەباو گونجاو بوو ڕاست و دروستە، ئەگینا بە پێچەوانەوە هەڵە و چەوتە. کەوابوو زانین لە هزر و ناخدا ئاوێنەیەکە وێنەی بابەتی هەڵکەوتی

دەوروبەری تێدا ڕەنگ ڕێژدەکرێ.))) عەزیز،B، 2016، ل 41(، کاتێك ڕابەرانی ڕێبازی ئەزموونی بەم جۆرە گوزارشت لە سەرچاوەکانی زانین دەکەن و هەموو جۆرە بیرۆکەیەکی زگماك و ئایدیالی ڕەتدەکەنەوە، لە هەمانکاتدا ئەمە بە واتای بەرگری کردن و فراوانکردنی ئازادی و سەربەخۆی مرۆڤ دێت، چونکە کاتێك مرۆڤ بە بوونێك کە بنەماکەی ئایدیالە دەبەسترێتەوە -بۆ نمونە ڕەب- ئەو مرۆڤ هەست بە ئازادی خۆی ناکات و پتر وا خۆی دەبینێت هەموو شتێك پێشتر لە چارەی نوسراوەو لەو دنیایەدا ڕۆڵی ئەو تەنیا رۆڵێکە وەك چۆن ئەکتەرێك لەسەر شانۆ بە ویست و خواستی دەرهێنەرو ئامادەکاری شانۆکە رۆڵدەگێڕێت. بەمجۆرە مرۆڤ بەرپرس نابێت لە کردارەکانی، بەڵام کاتێك مرۆڤ ئازاد بێت، خۆی بەرپرسە لە کردارو بیرکردنەوەکانی، لەم بارەیەوە جۆن لۆك دەڵێت: (مادامەکی مرۆڤ بە پەرستنە هەڵەکانی مافی خەڵکانی تر پێشێل ناکات و زیانیشیان پێ ناگەیەنێ، مادامەکی دۆراندنی ئەو زیان لە خۆشحاڵی کەسانی تر نادات، کەواتە هەوڵی رزگاربوونی هەر مرۆڤێك بۆ خۆی دەگەرێتەوە.) (لۆك، 2011، ل 48)، واتا مرۆڤ خۆی بەرپرسە لە ژیانی خۆی، هەموو شتێك وەستاوەتە سەربەکارهێنانی ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنی بۆ خۆی و جیهانی دەوروبەری، دەتوانێت وا بکات ژیانێك بژی بەختەوەر بێت، دەشتوانێ هەم ژیانی خۆی و هەم ژیانی دەوروبەری وێران بکات .

لەبارەی ڕەنگدانەوەی کاریگەری جیهانی دەوروبەرمان لەسەر هزرو بیرکردنەوەمان و دواتر زانینمان، دێڤید هیوم بەم جۆرە گوزارشت لەم بابەتە دەکات: (دەتوانین بڵێین درککردنەکانی زەین "پەی پێبردنەکانی زەین" هەموویان دابەشی دوو جۆر بکەین کە بەپێی پلە و هێزی زیندوێتیان لە یەکتر جیاوازن. ئەوەی کە هێز و زیندوێتی کەمترە بەشێوەیەکی عادەتی پێی دەگوترێ بیرۆکە یان ئایدیا، بەڵام جۆرەکەی تریان ئێمە ناوی دەنێین " ئینتیباع" بەکارهێنانی ئەم وشەیە کەمێك جیاوازە لە مانا ئاسایی و باوەکەی. مەبەستم لە ئینتیباع هەموو ئەوانەن کە ئەوپەڕی زیندوون لە درکپێکردنەکانماندا کاتێك دەبیستین و دەبینین و دەست لێدەدەین و خۆشەویستیمان هەیە و ڕقمان هەیە و حەزمان بۆ شتێك هەیە و ویستمان هەیە.) (هیوم، 2008، ص 38).

بۆچوونەکانی دێڤید هیوم بەهەمان شێوەی جۆن لۆك دووپاتی ئەو خاڵە دەکەنەوە کە مادام زانینی مرۆڤ تەنیا ڕەنگدانەوەی کاریگەری جیهانی دەوروبەری و هەروەها کاریگەری ئەو ئەزموونە بێت کە لە ژیانیدا بە یارمەتی هەستەکان دەیکات، کەواتە هیچ جۆرە بیرۆکەیەکی زگماکی و پێشییانە بوونی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نییە، بەڵکو ئێمە بە قوڵی بەستراوینەتەوە، بەم جیهانەی تێیدا دەژین و تەنیا خاوەنی ئەزموون و یادەوەری کەڵەکەبووین، بەم جۆرە بەپێی ژینگەو کولتوورو سەردەمی جیاواز خاوەنی بیرکردنەوەو بۆچوونی جیاوازین، واتا مرۆڤ لە چ سەردەمێك بژی، ڕەنگدانەوەی شتە لە ئارادابووەکانی ئەو سەردەمە لەسەر هەست و زانینی دەبێت، بۆیە ((بیرۆراکان یان فکرەکانی هەستی ئێمە زۆر و فرەن، بیروڕامان هەیە لە بارەی بابەتی هەستەکان کە دەمانخاتە ناخی بابەتی هەستەکانەوە، کە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش پێمان بگات یاخود هەستی پێبکەین. ڕووناکی و ڕەنگ وەکو سپی، سوور، زەرد و شین هەندێکیتر لە ڕێژەی رەنگەکان وەك سێبەرەکان و جۆرەکانی
دی وەك سەوز، مۆرانی مۆر، ئاوی سەوزاویی. ئەوانە هەمووی بەهۆی چاوەوەیە کە هەستی پێدەکرێ، هەروەها هەموو جۆرەکانی هاوار و دەنگە دەنگ و مۆسیقا بەهۆی گوێوە دەبیسترێ، یاخود هەستی پێدەکرێ، هەندێك لە تام و بۆنەکان دەکرێ بەهۆی لوت و دەمەوە هەستیان پێبکرێ. ئەو ئەندام و هەستانە کە هەستەکان پیشاندەدەن، کەناڵێکن لە مێشکەوە پەیامەکەیان دەدەن، بەبێ ئەوەی بزانین کە ئەوە پەیامی مێشکە (وەکو منیش کە بەوە بانگی دەکەم). ئایا ئەوانە دەتوانن گوێ بە ئەنجامی کارەکانیان نەدەن؟ ئەوانە هیچ تێبینیان نییە لە بارەی چوونە ناویەوە. هیچ ڕێگا نییە بەخۆیان بێنە ناو دیمەنەکە و ببنە وەرگری تێگەیشتنیان.)).(Locke, 1690, p 140-141)
لەبارەی بیرۆکە زگماکیەکان و بابەتی زانینی ئەزموونی باس لە جیاوازی جۆن لۆك و لایبنیتس دەکرێت. دەربارەی لایبنیتس، کە سەر بە ڕێبازی ژیری بووە، بڕوایەکی ئایدیالیستانەی دەربارەی بابەتی زانین هەبووە، بڕوای وایە کە بیرۆکە پێشینە و زگماکیەکان بوونیان هەیە و بەبێ ئەمانە زانین بە دەست نایەت، لە هەمان کاتدا بڕوای بە زانینی هەستەکی هەبووە، بەڵام بەشێوەیەکی سەربەخۆ نا، بەڵکو لە ژێر رکێفی ئەقڵدا (ئەم سونتێزەیەی لایبنیتس لەو دوو ڕستەیەدا دەرکەوتووە کە دانەری تیۆری زانین لۆك گووتوویەتی شتێك نییە لە مێشك و ژیردا بێ ئەگەر بە هەستەکاندا تێنەپەڕیبێ. لە وەڵامدا لایبنیتس وتوویەتی: تەنیا هێزو توانای ژیر خۆی نەبێ). (عەزیز، 2011، ل 146). واتە بە ڕوونی لایبنیتس بەهای ئەقڵی خستۆتە سەر بەهای هەستەکان و بەو بابەتەی داناوە کە ناکرێت و ناتوانرێت بچێتە ژێر توێژینەوەی هەستەکان، بەڵکو بەهایەکی باڵای هەیە و خۆی سەرچاوەی ڕەسەنی زانینە. لەبەرامبەردا لۆك پێیوایە، مرۆڤ کاتێك لە دایك دەبێت مێشکی وەك لاپەرەیەکی سپی وایە، هیچی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەسەر نەنوسراوە، دواتر لەگەڵ ئەزموون و بە یارمەتی هەستەکان ئەو لاپەرەیە پڕ دەبێتەوە، ئینجا (ئەگەر هەمووان بە ئاگامەندیەکی وەك لاپەڕەیەکی سپیەوە بێنە دنیاوە، کە لاپەڕەیەکی نەنوسراو بن، کەواتە هیچ کەس بە هۆی ڕەچەڵەکەوە لە کەسیتر زیاتر نییە. واتا بۆ تاك جۆری پەروەردەکردنەی بایەخی هەیە.) (ماگی، 2012، ل 204). هەر لەبارەی بیرۆکە زگماکیەکان وەك سەرچاوەی ڕەسەن و ڕاستەقینەی زانین، دەکرێت ئەو بۆچوونەی ئەزموونیەکان شیبکەینەوە، کە وەك ئەرگومێنت بەکاریدەهێنن و دەڵێن، ئەگەر بیرۆکە زگماکیەکان بوونیان هەیەو ئەگەر ژێر لەلایەن ڕەببەوە بەشێوەیەکی یەکسان بە هەمووان بەخشراوە، کەواتە بۆچوونی ئاستی زانین و توانای تێگەیشتن و پەیبردن لەنێوان مرۆڤەکانداو هەتا کولتوورو ناوچەکاندا جیاوازی هەیە؟ بۆچی هەندێك مرۆڤ ئەگەن بە ئاستی زاناو فەیلەسوف و هەندێکیتر ئاستی زانین و تێگەیشتنیان زۆر لاوازە؟ دیکارت هەوڵدەدات وەڵامی ئەم ئەرگومێنتەی ئەزموونیەکان بداتەوە، کە پێیوایە ژێر بەشێوەیەکی یەکسان بە هەموو کەسێك باخشراوە، بەڵام جیاوازیەکان لە ئاست و شێوەی بەکارهێنانی ژێردایە.

## ئەنجام

زانین بۆخۆی بابەتکە تەواو پەیوەستە بە مرۆڤ و ژیان و بوونییەوە، لێی جیانابێتەوە، چونکە خەسڵەتێکی گرنگی بیرکردنەوەی مرۆییە، بۆیە سەرەتاکانی فەلسەفەش بەم پرۆسەیە دەستێدەکەن و هەنگاوەکان پرسیار لەدوای پرسیار و گریمانە دوای گریمانە گەشەدەکەن، تادەگات بەو وئاستەی ئەمڕۆ مرۆڤایەتی پێیگەیشتووە .

جۆن لۆك فەیلەسوفێکی تەواو ئەزموونیە و بۆ زانین و تیۆری زانینی هەستەکان و ئەزموون دەکات بە پێوەری سەرەکی و یەکلاکەرەوە. ئەم بۆچوونەی جۆن لۆك لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەو زانینەی لە هەستەکانەوە بە دەستدێت ڕوون و ئاشکرایەو بەرجەستەیەو خێرا پێمان دەگات، ئەمە لەلایەکی ترەوە ئەزموون جۆرە زانینێکمان پێدەدات کە تاقیکراوەیەو جێگای دڵنیایی، ئەم هەنگاوانە وایکرد کە هەوڵەکانی جۆن لۆك و ڕابەرانی زانینی ئەزموونی-هەستی ببن بە شۆڕشێك لەبەرامبەر دۆگمەکانی ئایینی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست، چونکە کڵێسە ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵ لە ئەوروپا فەرمانڕەوا بووە، هەموو ڕەهەندو لایەنەکانی ژیانی کۆنترۆڵ کردبوو، بەڵام نەیتوانی بوو هیچ هەنگاو و پێشکەوتنێك لە بواری زانستیدا بنێت، چونکە دژی هەر جۆرە پرسیارو لێکۆڵینەوەو داهێنانێك بوون،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەڵام بە پێچەوانەوە ڕێبازی هەستی ئەزموونی لە ماوەیەکی کەمدا بوو بە هۆکارو هەوێنێك بۆ بواری زانستی، بەم جۆرە گۆڕانێکی گەورە لەم بوارەدا دروستبوو کە پتر لە شێوەی شۆڕشێکی کولتووری و ڕۆشنبیریدا بوو و هەتا ئەمرۆش کاریگەریەکانی دیارو ئاشکران .

یەکێك لەو ڕەهەندانەی تر کە لە فەلسەفە و هزری ئەزموونی-ستی جۆن لۆکدا ڕەنگدانەوەی هەیە بریتییە لە ڕەتکردنەوەی بیرۆکە زگماکیەکان، ئەمەش بە تایبەتی ئاراستەی فەلسەفەو هزری دیکارتی کراوە، کە جۆن لۆك پێیوایە بیرۆکە زگماکیەکان بوونێکی واقیعیان لە ژیانی واقیع (فاکت)ی ئێمەدا نییە، ئەگەر وابێ دەبوو کاریگەری ئەو بیرۆکانە بۆ هەموو کەسێك وەکو یەك بوایە، بەڵام بێگومان جیاوازی نێوان کەسەکان لەڕووی توانا و پێشکەوتن، تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ و کۆششی تاکەکەس و ئەزموونکردن و لێکۆڵینەوە، هەندێك کەس پتر کۆشش دەکەن و پتر بە دەستدەهێنن و لە ژیان تێدەگەن، کەسانێکیتر بە سادەی دەژین و خۆیان سەرقاڵ ناکەن بە کێشە و بەرەکانی ژیان و گەڕان بە دوای زانیاریدا یان ئەزموونکردن.

## سەرچاوەکان

سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:

١ .عەبدولجەبار (پ.ی.د.نەبیل عبدولحەمید)، فەلسەفە بۆ ئەو کەسەی دەیەوێ، و:هاوار محمد، دەزگای ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2010.
٢ .عەزیز (پ.د.حەمید)، پێشەنگی نوێی پرۆسەی زانین لە فەلسەفەی نوێی ئەوروپادا، گۆڤاری ڕامان ژمارە 237، هەولێر، A،2017، )ل 90-95) .
٣ .عەزیز (پ.د.حەمید)، ڕێنسانسی فەلسەفەی زانست، گۆڤاری ڕامان ژمارە 245، هەولێر،C، 2017 ) ل 78-83) .
٤ .عەزیز (پ.د.حەمید)، فەلسەفەی کۆڕی ڤییەنا، دەزگای ئاوێر، هەولێر، A، 2013 .
٥ .عەزیز (پ.د.حەمید)، فەلسەفەی نوێ لە ئەوروپا، دەزگای ئاوێر، هەولێر، 2011 .
٦ .عەزیز (پ.د.حەمید)، لۆجیك دوێنێ و ئەمڕۆ، دەزگای ئاوێر، هەولێر، A، 2016.
٧ .عەزیز (پ.د.حەمید)، لۆجیکی نوێ، گۆڤاری ڕامان ژمارە 162، هەولێر، 2010، (ل 89-104) .
٨ .عەزیز، (پ.د.حەمید) تیۆری زانینی زانستیانە، دەزگای ئایدیا، سلێمانی، B، 2016.
٩ .عەزیز، (پ.د.حەمید) فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا، دەزگای ئاوێر، هەولێر،B، 2013 .

١٠ .گالیندۆ گاردەر (یۆستاین)، جیهانی سۆفیا، و: بەهرۆز حەسەن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2002.
١١ .لۆك (جۆن)، نامەیەك لە بارەی لێبوردەیەوە، و: عەبدو ڕەزاق عەلی، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2011.
١٢ .ماگی (براین) ، مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی جەمال عیرفان، سلێمانی، چ2، 2012.
١٣. مەزهەر، د.کەمال، ڕێنیسانس، و: فواد مەجید میسری، بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چ2، سلێمانی، 2004.

سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی :
١. هیوم (دیفید) ، مبحث في الفاهمة البشرية، ت: موسى وهبة، الفارابي، بيروت، 2008 .

سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:
1- Jaja, Jones M., Badey, Paul B. John Locke's Epistemology and Teachings, An International Multidisciplinary Journal, Ethiopia Vol. 7 (1), Serial No. 28, January, 2013:1-13 ISSN 1994-9057 (Print) ISSN 2070--0083 (Online) DOI: http://dx.doi.org/10.4314/afrrev.v7i1.1.
2- John Locke, an Essay Concerning Human Understanding, 1690.
3- Maxwell, Nicholas. 1998. The Comprehensibility of the Universe: A New Conception of Science. Oxford: Oxford University Press.
4- Walter, Kaufmann, and B. E. Forrest. 2008. from Plato to Derrida. New Jersey Pearson Prentice Hall.

## The Norms of Epistemology in John Locke’s Philosophy

**Hyvien Hiwa Ahmed**
Department of Philosophy, College of arts, Salahaddin UniversityErbil, Kurdistan Region, Iraq
hyvien.ahmed@su.edu.krd

**Hameed Aziz**
Department of Philosophy, College of arts, Salahaddin UniversityErbil, Kurdistan Region, Iraq
dr.hameed.aziz@gmail.com

***Keywords:*** *Epistemology, Experience – Sense, Mind, Metaphysical, Innate theory*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract

The subject of epistemology and science itself are two different subjects from each other, despite that, both of them have a direct relationship with human himself. He wants to know about himself, the world around him, events and always analyze problems.

This means that man has a desire and a will that drives him to know and explore the world and the universe, and unlike him, none of the other beings will have this will, they only have instincts.

In this research, we pose the problem in the form of a question (What are the norms of the subject Knowledge and theory of knowledge for John Locke?). For this purpose, methods of analysis and comparison were used and I tried based on a group of reliable sources in order to arrive at answers to the problems of our research and Key words for our research are:

1- Epistemology
2- Experience – Sense
3- Mind
4- Metaphysical
5- Innate theory

Based on his sources accurately, this is what was discussed in the framework of this theory.

---

## اسس نظرية المعرفة عند جون لوك

### ملخص:

موضوع نظرية المعرفة والعلم نفسه موضوعان مختلفان عن بعض، على رغم ذلك اثنينهما لهما علاقة مباشرة مع الانسان نفسه و اذا نرجع الى المصادر التأريخية نستنتج ان الانسان بين جميع الكائنات لديه طبيعة و خصوصية خاصة به، لكونه ذو خاصية الادراك و لديه العقل و الفهم، يريد ان يعرف عن نفسه و العالم من حوله و الاحداث و تحليل المشاكل دائما.

هذا يعني ان الانسان لديه رغبة وارادة يدفعه الى معرفة و استكشاف العالم و الكون، و على عكسه لن تمتلك اي من الكائنات الاخرى هذه الارادة، لديهم فقط الغرائز.

في هذا البحث نطرح المشكلة على شكل سؤال(ماهي معايير موضوع المعرفة و نظرية المعرفة لجون لوك؟) و لهذا الغرض استخدمت طرق التحليل و حاولت استنادا على مجموعة مصادر موثوقة لكي نصل الى اجوبة لمشاكل بحثنا و كلمات مفتاحية لبحثنا هذا هم:

١. نظرية المعرفة
٢. الخبرة – الحس
٣. العقل
٤. ميتافيزيک
٥. نظرية الفطرية

استنادا على مصادره بشكل دقيق هذا ما تم مناقشته في اطار هذه النظرية.